## ئەسمەر حسێن/ پەرلەمانتاری لیستی یەكگرتوو لە بەغدا:

# لیستی (٣١٥) کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو و شیاون، خاوەنی بیری فراوانی لە خۆ گرتووە لەسەر ئاستی عێراق بیر بکەنەوە لە بواری سیاسەت و خزمەتکردنی خەڵکدا بەواقیعی کاریان کردووە



**یەكگرتوو: چۆن سەرەتایی دەستبەکاربوون و ڕەوانەوەی گومانەکان لای نەیاران دەردبڕی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؟**

+ هەموو لا دەزانین کە ئەو کاتەی کوتلەی پەرلەمانی یەکگرتوو متمانەی جەماوەری بەدەستهێنا و رووی کردە بەغدا، ئەزمونێکی نوێی کاری سیاسی بوو بەنیسبەت هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەگشتی، کە خۆیان لەبەردەم دوو کوتلەی کوردی جیاوازدا بینییەوە، هەموو ئەو قسە و تۆمەتانەی دەدرانە پاڵ لیستی یەکگرتوو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا و ساردکردنەوەی خەڵك لە دەنگدان بەو لیستە و بە خیانەت ناوزەدکردن تەنانەت لای زۆرێك لە بەرپرسانیشەوە، بەڵام دیارە هەر لەو کاتەوە یەکگرتوو داکۆکی لەوە دەکرد کە حیزبێکی کوردستانییە و کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خاك و گەلی کوردستان دەکات، لە چوار ساڵی تەمەنیشیدا ئەمەی بە واقیعی سەلماند و بەڵێنەکەی خۆی لەیاد نەچوو، کە بە جەماوەرەکەی دابوو، بۆیە تەحەدای هەموو لایەك دەکەین لە شیعە و لە سوننە و لە کورد و هەر لایەنێکی تر بەڵگەیەك بهێنێت رۆژێك لە رۆژان کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەڵوێستێکی هەبوبێت دژ بوبێت بە بەرژەوەندییەکانی کورد.

ئەوەش کە هەندێ جار لێرەو لەوێ دەبەسترێت بە هەمان شێوەی رابردوو بەشێکە لەو بانگەشەی هەڵبژاردنەی کە بەڕێوەدەچێت، بە شاهێدی هەموو لایەکیان کوتلەی یەکگرتوو کوتلەیەکی چالاك و بوێر و ئامادەبووی ساتە نارەحەتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بووە، لە کاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەران پێویستی بە ئەندامێك دەبوو، ئێمە بە کەمی ژمارەمانەوە لەو کاتە هەستیار و گرنگانەدا ئامادە بن و هەڵوێستی بوێرانەمان هەبوە.

**یەكگرتوو: ئەمە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە پاش ماوەیەکی کەم لە دەستبەکاربوون لە بەغدا، سەرجەم گومانەکان رەوینەوە و هەموو لایەك کەوتنە ستایشی هەڵوێستەکانی کوتلەی یەکگرتوو بە شەخسی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماریشەوە؟**

+ ئێمە پێشتر بڕیاری خۆمان دابوو، کە هەرگیز سەنگەری میللەتی خۆمان چۆڵ ناکەین و دژی بەرژەوەندییەکانی نابین، هەرگیز ناچینە پاڵ هەر پرۆژە و بڕیار و گوتارێکیش کە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بێت، ئەمەمان بە عەمەلی سەلماند لە هەموو ئەو وێستگە و هەڵوێستانەی هاتۆتە پێشمان لە ئەنجومەنی نوێنەران، لە پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بە هەڵوێست دەربڕین لەناو هۆڵی کۆبوونەوەدا، لە لیژنەکاندا، لە رێکەوتن لەگەڵ کوتلەکانی تر لە بەرژەوەندی کورد، بۆ ساتێکیش سازشمان نەکرد لە هیچ پرۆژەیاسایەکدا، ئەمەش وایکرد کە هەموو لایەك لە ئەندامانی کوتلەی هاوپەیمانی و دەسەڵاتدارانی کورد تا سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماریش، بڵێن لە هەموو هەڵوێستەکانی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا ئەگەر کوتلەی یەکگرتوو سوورتر نەبووبێت، هەرگیز لە ئێمە کەمتر مکوڕ نەبوون، ئەمە لە هەڵوێستە عەمەلیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

**یەكگرتوو: دەتوانیت ئاماژە بە گرنگترین هەڵوێست و دەستکەوتێك بکەیت لەو بوارەدا، کە رۆڵی یەکگرتوو بەرچاوە و ئینکار ناکرێت؟**

+ بەڵێ هەر لەم دوو ساڵەی دواییدا ئەنجومەنی نوێنەران کۆمەڵێك یاسای دەکردووە، یەکێکیان یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان، واتە بەیاساییکردنی ئەو مادە دەستورییەی کە دەڵێت (عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە) پێکهێنانی هەرێمەکان لەو یاساوە سەرچاوە دەگرێت، کە مەترسی سەر هەرێمیش لادەدات لە دوارۆژدا، لەم یاسایەدا کوتلەی یەکگرتوو زۆر داکۆکی لێ دەکرد، لەکاتێکدا عەرەبە شۆڤینیەکان پاشگەز بوونەوە لەو (بەڵێ)یەی رابردوویان بە دەستوری عێراقی و دژی ئەم یاسایە کاریا کرد و کۆمەڵێك لە عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە، هۆڵی پەرلەمانییان بەجێهێشت، بۆیە ئاسان نەبوو نیسابی یاسایی پەیدا بکەین کە بریتی بوو لە (١٣٨) دەنگ لەناو هۆڵەکەدا، بە زۆرێك (١٣٩) دەنگمان کۆکردەوە بە هەوڵی هەموو کوتلەکان، هەر پێنج ئەندامەکەی یەکگرتوو ئامادەبووین و رۆڵمان هەبوو لە دەنگ کۆکردنەوەشدا، خوانەخواستە ئەگەر یەکگرتوو ئەوەی پێشتری لەیاد نەبردایەتەوە، کە مافی خۆی پێ نەدراوە لە پێکهێنانی حکومەتدا کە مافی وەزارەتێکی فیعلی هەبوو، بەڵام وەزیرێکی بێ وەزارەتی پێ درا لەلایەن هاوپەیمانی و کوتلە بەهێزەکانی تری ئەنجومەنەوە، چونکە (٢٪) بووین، ئەمەش وایکردووە وەزارەتێکی فیعلی، ئەگەر حیزبیانە مامەڵەمان بکردایە نەك هەر پێنجمان، بەڵکو دوانمان بکشاینایەتەوە، ئەو یاسایە هەموار نەدەکرا، بەڵام ئێمە بە مەسەلەی خۆمان دەزانی و بەرژەوەندی گەلی کوردستانمان لەپێشتر گرتبوو، هەروەها هەڵوێستی (٧/٢٢) کە هەوڵ درا حاڵەتێکی تایبەت بۆ شاری کەرکوك دروست بکرێت و دابەش بکرێت بۆ (٣٢٪) بۆ هەر پێکهاتەیەك و یاساکە دەنگیشی هێنا، ئێمە بە تەنسیق لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان هۆڵی پەرلەمانمان بەجێهێشت و بڕیارماندا نەچینە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکان، تا ئەوە بوو سەرۆك کۆمار یاساکەی رەت کردەوە، ئێمە سوور بووین لەسەر حاڵەتێکی تەوافوقی لە کەرکوکدا، نەك ئەوەی عەرەبە شۆێنییەکان داوایان دەکرد.

بگرە لە هەندێ هەڵوێستدا لەبەرئەوەی تایبەمەندی خۆمان هەبوو و کوتلەیەکی سەربەخۆ بووین، بەحوکمی ئەوەی کوتلەی هاوپەیمانی کوتلەی گەورە و دەمڕاست کورد بوو، هەندێ فشار رووی تێ دەکرد، بەڵام رووی نەدەکردەوە ئێمە، وەك لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا روویدا و هاوپەیمانی کەوتە ژێر فشاری ئەمریکاوە بۆ تێپەڕاندنی یاساکە، بەڵام کوتلەی یەکگرتوو روبەڕووی ئەو فشارانە نەبووەوە، بۆیە شەفافانە لەگەڵ شەقامی کوردی و دانیشتوانی کەرکوك گوتاری خۆی پێ گەیاندن، کە ئەم یاسایە بەرژەوەندییەکی کوردی پێشێل کردووە و کاری کردووە بۆ کەمکردنەوەی بوونی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوودا، ئەمەش بە شاهێدی کوتلەی هاوپەیمانی کە دەیانوت راستە ئەمە ئەوە نییە کە دەمانەوێت، بەڵام ناچارین و دەبێت هەندێ تەنازول بکەین، بەڵام کوتلەی یەکگرتوو بۆ ساتێکیش ئەو تەنازولانەی قبوڵ نەکرد، لە ساتەکانی یەکەمی یاساکەوە دەنگی پێ نەدا و بایکۆتی کرد و بەیاننامەی بڵاو کردەوە و کۆنگرەی رۆژنامەنووسی لەسەری گرت، داواشی کرد لە سەرۆکایەتی کۆمار کە یاساکە رەت بکاتەوە، بەتایبەت هەردوو مادەکانی (٦ و ٧) و مادەی (٣)، کە (تاریق هاشمی) لەبەر ئیعتیباری خۆی بۆ مادەی (٣) وەڵامی ئێمەی دایەوە و رەتی کردەوە لەگەڵ ئەو مادانەی تر کە خۆی بەپێویستی دەزانی، لە ئەنجامدا کورد قازانجێکی باشی کرد و وەك فریشتەیەکی رزگاری وابوو بۆ کورد، کاتێك کورسیەکانی هیچ زیادی نەکردبوو، بەڵام بەوپێیە توانرا شەش کورسی تر زیاد بکرێت بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم، ئەگەرچی هێشتا بە ویستی ئێمە نەبوو. ئەمانە و چەندینی تر، کە ئێمە حیزبییانە مامەڵەمان نەکردووە و لە کۆدەنگی نیشتمانی لامانەداوە، لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییانەش کە پێکەوە ئەنجامان داوە لەسەر مەسەلە کوردستانیەکان و بوونی کورد لە عێراقدا، شایەتی ئەو راستیانەن.

**یەكگرتوو: هیچ پرۆژەیەکتان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، وەك پێنج ئەندامەکەی کوتلەی یەکگرتوو؟**

+ وەك کوتلەی یەکگرتوو چەند پرۆژەیاسایەکمان پێشکەش کردووە، هەندێکیان هەموارکردن و هەندێکی تر پرۆژەیاسا بوون، گرنگترینیان کە جێی شانازی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، کە یەکەم کوتلە بوو پرۆژەی (ئالا)ی پێشکەشکرد، هەمووومان لەیادمانە و لەو ئانوساتەی کە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی ئیحراجی زۆردابوو، کاتێك سەرۆکی هەرێم بڕیاری دابوو ئەو ئالایەی عێراق بەرز نەکاتەوە لە هەرێمدا، هەر لەو کاتەدا بڕیار بوو کۆبوونەوەی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر ببەسترێت، ئەمەش حاڵەتێکی ئیحراجی بوو، بۆیە هەر زوو کوتلەی یەکگرتوو پێش ئەوەی هاوپەیمانی بیر لەو مەسەلەیەش بکاتەوە، پرۆژەیەکمان دارشت لە چەند مادە و بڕگەدا و نموونەمان پێشکەش کرد بۆ ئاڵای داهاتووی عێراق، سەرۆکی هەرێمیش داوای کردبوو ئەنجومەنی نوێنەران ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق دیاری بکات، تا لە هەرێمی کوردستانیش بەرز بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئاڵاکەی پێشووش بێت، پرۆژەکەش تا ئێستا لامان پارێزراوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەو کاتەدا (١٠) ئیمزامان بۆ کۆکردەوە، پێنجی خۆمان و پێنجی تر، بەڵام بەداخەوە چەند ئەندام پەرلەمانێکی کورد کە ئیمزایان کردبوو، دواتر زانییان پرۆژەکە هی کوتلەی ئێمەیە و دەبێتە مەفخەرەیەکی مێژوویی بۆ ئێمە، هاتن ئیمزاکەیان سڕییەوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە هەوڵ دراوە شانازیکردنی یەکگرتوو نەهێڵرێت، با لە خزمەتی کوردستانیشدا بێت، ئەمەش نموونەی گرفتێکە چوار ساڵ پێیەوە ناڵاندوومانە، تەنانەت هەوڵ دراوە ناوی نوێنەرەکانمان نەبرێت، تەنانەت وێنەشیان لە راگەیاندندا نیشان نەدرێت، بۆئەوەی چالاکیەکانی یەکگرتوو نادیدە بگیرێت.

**یەكگرتوو: هەڵوێست هەبووە لەو چوار ساڵەدا لەگەڵ کوتلەی هاوپەیمانیدا دژ بووین لەسەر مەسەلەیەك؟**

+ بێجگە لە یاسای هەڵبژاردنەکان، کە وەك کوتلەی یەکگرتوو قەناعەتمان وابووە و ئێستاش سورین لەسەر قەناعەتی خۆمان، کە ئەم یاسایە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ماف و داخوازییەکانی کوردە، لە هەر مەسەلەیەکی تردا کە دوور و نزیك پەیوەندیدار بووبێت بە کوردستان و بوونی کوردەوە لە عێراقدا، هاوهەڵوێست بووین، بەڵام حاڵەتی تر کە پەیوەست نەبووە بە کوردەوە، بەڵکو عێراق و کۆمەڵانی خەڵك بووە، تایبەت نەبووە بە کوتلەیەك، تەنانەت ئازادی تاکەکەسیش رەنگی داوەتەوە، جار هەبووە من دژ بە رای سەرۆکی کوتلەکەم دەنگم داوە، چونکە حاڵەتێکی گشتی بووە و هەرکەس رای خۆی هەبووە، کەسانی تریش هەبوون دژی ئێمە دەنگیان داوە.

**یەكگرتوو: ئەی دەربارەی مەسەلە ئایینی و ئیسلامیەکان، کە ئێوە حیزبێکی ئیسلامی و ئەوان عیلمانی بوون**

+ لە هەر پرۆژەیاسایەکدا هەر ئەندامێکمان ئازادنە گفتوگۆی کردووە، کە چۆن هەمواری دەکات و ئازاد بووە لەو رووەوە، بێجگە لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی تایبەت بە کورد وەك ئاماژەم پێدا، هەر مەسەلەیەکی ئیسلامی و دینداری بووبێت، یان مەسەلەیەکی تر، بەڵام ئێمە لە بەغدا مەسەلەی کێشەی دینداری و ئاینیمان کەمتر هەیە تا کوردستان، چونکە کۆمەڵێك کوتلەی زۆر هەیە کە داکۆکی لە قەزیە دینیەکان و ئیسلامییەکان دەکات، دەنگی داکۆکی لە نەگۆڕەکانی ئیسلام زۆرە، لەو میانەدا دەنگی یەکگرتوو وەك دەنگێکی میانڕەو هەمیشە رۆڵی بینیوە لە گفتوگۆی مەسەلە ئاینیەکاندا.

**یەكگرتوو: گرفتی ئامادەنەبوون زۆر بووە لەو چوار ساڵەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئامادەبوونی کوتلەی یەکگرتوو چۆن بووە لەو میانەدا؟**

+ کوتلەی یەکگرتوو هەمیشە ئامادەیی باشی هەبووە، بێجگە لە مۆڵەت وەرگرتنی رەسمی، غیابمان نەبووە، من وەك خۆم تەنها رۆژێکیش لە ئەنجومەنی نوێنەراندا غیابم نەبووە، تەنانەت مۆڵەتە رەسمیەکانیش کە هەر ئەندام پەرلەمانێك لە وەرزێکی یاسادانانادا بۆی هەیە حەوت رۆژ مۆڵەت وەربگرێت، بگرە من مۆڵەتی خۆیشم وەرنەگرتووە و بەردەوام ئامادەییمان هەبووە، مەگەر مۆڵەتی فەرمی پەرلەمان بووبێت یان بە ئیفاد و کاری پەرلەمان چووبینە دەرەوە، ئەوەش فایلمان لە پەرلەمان ئامادە و دیارە و یەك جاریش ناومان لە غیاباتدا نەخوێنراوەتەوە.

**یەكگرتوو: چۆن دەڕوانیتە لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کاندیدەکانی، کە دەیانەوێت جێی ئێوە بگرنەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراقدا؟**

+ بەڕاستی دەڵێم زۆر گەشبینم بەو کاندیدانەی کە لە یەکگرتوو لە لیستی (٣١٥)دا کاندیدی کردوون، کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو و شیاون، خاوەنی بیری فراوانن لەسەر ئاستی عێراق بیر بکەنەوە لە بواری سیاسەت و خزمەتکردنی خەڵکدا بەواقیعی کاریان کردووە، دڵم خۆشە بەوەش کە متمانەی خەڵکی کوردستان بە لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو باشتر بێت لەم جارەدا، چونکە بارودۆخەکە جیاوازی زۆرە لەگەڵ هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا، کە دەنگدان بە یەکگرتوو قەدەغە کرابوو و خەڵك بە حەزەرەوە دەیتوانی دەنگ بدات، بەڵام لەم حاڵەتەدا کە یەکگرتوو فرەلیستی کردە مۆدێلێك لە کوردستاندا و لەو پێناوەدا خوێنی بەخشی لە بەمەدەنیکردنی کوردستاندا، بۆیە بە بوونی ئەو کاندیدانە کە بەڕێز و سپۆڕ و لێهاتوو و دەسپاك و رابردوو پاك و بەخزمەت و کارامەن لەو لیستەدا گەشبینم پێیان و بە متمانەی جەماوەری خەڵکی کوردستانیش پێیان، گەشبینم کە کوتلەی ئەمجارە کوتلەیەکی نەوعیتر و باشتر و چالاکتر دەبێت بە خزمەت زیاتر و کاری زیاتر بۆ جەماوەری کوردستان دەکات.

ئێمە وەکو کوتلەی یەکگرتوو بەرگەی زۆر فشاری دەرەکیمان گرت بۆ یەك جاریش سازشمان لە سەر مافەکانی گەلەکەمان نکرد

***

کوتلەی یەکگرتوو لە زۆربەی دانیشتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەیەکی بەرچاوی هەبووە، زۆربەی جارە دەنگی ئێمە یەکلاکەرەوەی یاسکان بووە

***

جێی شانازی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، کە یەکەم کوتلە بوو پرۆژەی (ئالا)ی عێراق پێشکە شی ئەنجومەنی نوێنەران کرد

***

کوتلەی یەکگرتوو بە رووی ئازادی تاکەکەسیش رەنگی داوەتەوە، جار هەبووە من دژ بە رای سەرۆکی کوتلەکەم دەنگم داوە، چونکە حاڵەتێکی گشتی بووە و هەرکەس رای خۆی هەبووە